راپۆرتی کۆتایی

مایسی ٢٠١٤

# ڕووماڵکردنی پرسی هەڵبژاردن لە ١٢ میدیای کوردیدا



جێبەجێکاری پرۆژە

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

بەهاوکاری ڕێکخراوی:

International Media Support (IMS)

ماوەی ڕووماڵکردن: بانگەشەی هەڵبژاردن

(٤/١ – ٢٠١٤/٤/٢٨)

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومییەو ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن ژمارەیەک پارێزەرو یاساناسانی شاری سلێمانییەوە دامەزراوەو کاردەکات بۆ ئاوێتەکردنی چەمکی هەڵبژاردن بەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی و میدیایی.


Kurdish Institute for Elections (KIE)
Address: Iraq- Sulaimany, Bakhtiary , Hakary street No113, House No. 44
Tel: +964 53 3187111
E-mail: info@kie-ngo.org
Mobile:+964 07701573210
www.kie-ngo.org

## دەروازە

هەر قۆناغێکی هەڵبژاردن بە ئاستێکی دیاریکراو دەزگاکانی راگەیاندن بەخۆیەوە سەرقاڵدەکات، بەڵام ترۆپکی ئەو بایەخدانە بە هەڵبژاردن لەقۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردندایە. میدیای بینین‌و بیستراوو چاپکراوو ئەلەکترۆنی حیزبەکان لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، لەرووی چەندایەتییەوە، گرنگی‌و بایەخ بە بکەرە سیاسییەکانی خۆیان دەدەن‌و ناویان چەندبارە دەکەنەوە، لەرووی چلۆنایەتیشەوە ناتوانن بەشێوەیەکی بابەتیانە رووماڵی رووداوەکانی هەڵبژاردن بکەن‌و لەناو بابەتە رۆژنامەوانییەکانی وەك (وتار، سەروتار، هەواڵ، راپۆرتە هەواڵ، راپۆرتی شیکاریی، بروسکەو چاوپێکەوتن)ەکانیاندا، دەرفەتی یەکسان‌و هاوسەنگی لەنێوان بکەرە سیاسییە جیاوازو ناکۆکەکاندا دەستەبەربکەن، کە ئەمەش دواجار هۆکاری سەرەکییە لە کرچو کاڵبوونی بابەتە رۆژنامەوانییەکانی میدیای حیزبی، کە ئاکامەکەشی بە تێرنەبوونی بینەر، بیستەر یان خوێنەر تەواودەبێت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، هەربۆیە ناچاردەبێت بەدوای میدیای تردا بگەڕێت بۆ ئەوەی وێنە گشتییەکەی دەستبکەوێت .

ئەم سروشتەی میدیای حیزبی وادەکات هەڵسەنگاندن‌و شیکاریی بۆ ئەو دەزگایانەی میدیا بکەین کە بانگەشەی سەربەخۆبوون‌و پیشەییبوون دەکەن بۆئەوەی لە سەروبەندێکی هەستیاری وەك بانگەشەی هەڵبژاردندا بزانین:

– تاچەند لەڕووی چەندایەتییەوە، ئاستی گرنگی‌و بایەخدانیان بە بکەرە سیاسییە رکابەرەکانی ناو پرۆسەی هەڵبژاردن نزیکە لەیەکترەوە.

– تاچەند لەڕووی چلۆنایەتیەوە، پیشەییبوون‌و بابەتیبوون‌و هاوسەنگی‌و وردەکاریی لەخۆیاندا بەرجەستە دەکەن.

ئەم راپۆرتە، کە زادەی رووماڵکردنی ٢٨ رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان‌و هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق (١–٢٨/٤/٢٠١٤)ە، بەدوای دۆزینەوەی ئەو خەسڵەتانەوەیە لە ١٢ دەزگای میدیای کوردیدا. ئەو ئەرکەش تیمی رووماڵکاری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن خستویەتییە سەرشانی خۆی، دوای ئەوەی لەلایەن راهێنەری نێودەوڵەتییەوە، لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری‌و پراکتیکی، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە راهێنانیان پێکراوە.

## ئامانجی پرۆژەکە

– دەرخستنی ئاستی بایەخدانی جۆرێك لە میدیای کوردی بە پرسی هەڵبژاردنو بە بکەرە سیاسییەکانی لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

– هەڵسەنگاندنی ئاستی پیشەییبوونی جۆرێك لە میدیای کوردی لەڕووی بابەتیبوونو راگرتنی هاوسەنگیو وردەکارییەوە .

– پێگەیاندنی ستافی کاراو لێهاتوو لە رووماڵکردنی میدیاکان سەبارەت بەپرسی هەڵبژاردن لەرێگەی میتۆدی زانستییەوە.

## میتۆدی پرۆژەکە

ئەو میتۆدەی لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا بەکارهێنراوە، پشت بە دوو جۆر لە فۆرم دەبەستێت:

**یەکەم: فۆرمی رووماڵکردنی چەندایەتی:** لەم فۆرمەدا بکەری سیاسی بە بناغە وەرگیراوە بۆ ئەوەی بریار لەسەر رووماڵکردنی بابەتە رۆژنامەوانییەکان بدرێت یاخود رەتبکرێتەوە. لەنێو ئەو ماوەو روبەرانەی لە کەناڵەکانی میدیای بینینو بیستنو چاپکراوو ئەلەکترۆنیدا روماڵکراون رێژەی بایەخدان بەپرسی هەڵبژاردن دەدۆزرێتەوە.

**دووەم: فۆرمی رووماڵکردنی چلۆنایەتی:** ئەم فۆرمە تەرخانە بۆ دیاریکردنی ئەمانەی خوارەوە: یاریکردن بە ناونیشان، یاریکردن بە وێنە، کەشفکردنی ئاستی بابەتیبوونو راگرتنی هاوسەنگیو وردەکاریی لە ( لاپەڕە یەکی رۆژنامەو گۆڤارەکان، سەردێری بڵاوکراوەکانی هەواڵی رادیۆو تەلەفزیۆن، رووپەڕی پێگە ئەلەکترۆنییەکان).

| PRESS CODING FORM | | | | | | | | | | PAGE _______ OF _______________ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| DATE | | | | NEWSPAPER | | | | | | MONITOR | | | | | | | |
| PAGE | FORMAT | ACTOR | PICTURE | SPACE | ACCESS | TONE | PARTY | GENDER | TOPIC | THEME CORRUPTION | NATURE CORRUPTION | SCALE CORRUPTION | TYPE CORRUPTION | CORRUPTOR | CORRUPTED | MEDIA EVALUATION | NOTES |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | |

# قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە..

## یەکەم: قۆناغی ئامادەکاریی

– لەلایەن راهێنەری نێودەوڵەتییەوە راهێنانی تیۆری و پراکتیکی بەستافەکان کراوە لەبارەی پرسی هەڵبژاردنەوە لەپێناو فێرکردنی ستافە راهێنراوەکان سەبارەت بەچۆنێتی پڕکردنەوەی فۆرمی رووماڵکاریی بەپێی میتۆدی پرۆژەکە.

– ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەرایی بۆ کەناڵە رومالکراوەکان بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەناوەرۆکی پرۆژەکە.



دیمەنێك لەکۆنگرەی رۆژنامەوانی بەرایی پرۆژەی رووماڵکردنی پرسی هەڵبژاردن ٢٠١٤/٣/٣١

## دووەم: قۆناغی جێبەجێکردن

١/ تۆمارکردنی ٢ کەناڵی ئاسمانیو ٢ ئێستگەی رادیۆیی بەشێوەیەکی رۆژانەو ئەرشیفکردنیان.

٢/ دابینکردنی ٤ رۆژنامەو ٢ گۆڤار لەگەڵ ٢ سایتی ئەلەکترۆنیدا.

٣/ رووماڵکردنی ١٢ کەناڵی راگەیاندن لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا (١–٢٠١٤/٤/٢٨).

٤/ داخلکردنی رۆژانەی ئەو داتایانەی لەفۆرمەکاندا تۆماردەکرێن لەلایەن داتا ئێنتریيەوە.



دیمەنێك لەرووماڵکردنی پرسی هەڵبژاردن لەلایەن ستافەکانی تیمی رووماڵکارەوە ٢٠١٤/٤/١٥

## سێهەم: قۆناغی ئامادەکردنی راپۆرت:

کۆی ئەو داتایانەی لەلایەن داتا ئێنترییەوە داخلکراون شیکارییان بۆ دەکرێت بەمەبەستی:

١/ ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی وەرزێك.

٢/ سازدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کۆتایی بۆ کەناڵە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتیو لەنێویشیاندا ئەو کەناڵانەی لەم پرۆژەیەدا رووماڵکراون بەئامانجی ئاگادارکردنەوەیان لەئەنجامەکان.




راپۆرتی کۆتایی

٢٠١٤/٥/١١

## کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕوومالّکراو ..

| ژ | ڕۆژنامەو گۆڤارەکان | کەناڵی ئاسمانی | ئێستگەی رادیۆیی | | ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاوێنە | NRT TV. | نەوا | | خەندان www.xendan.org |
| ٢ | هاولاّتی | Rudaw TV. | ناوخۆ | | نها ٢٤ www.Niha24.com |
| ٣ | لڤین | | | | |
| ٤ | شار | | | | |
| ٥ | باس | | | | |
| ٦ | هەولێر | | | | |



# یەکەم/ شیکارکردنی چەندایەتی ئاستی بایەخدانی میدیاکان بە پرسی هەڵبژاردن و بکەرە سیاسییەکان:

شیکارکردنی چەندایەتی بۆ دۆزینەوەی ئاستی بایەخدانی میدیاکان بە پرسی هەڵبژاردن، پێویستی بەم هەنگاوانەی خوارەوەیە:

هەنگاوی یەکەم: تەنها ئەو بابەتە رۆژنامەوانیانە روماڵدەکرێن کە بکەری سیاسیان تێدایە.

{بکەری سیاسی[1]، بەپێی ئەو میتۆدەی تیمەکەمان پەیرەوی کردووە، خۆی لە ١٤ بکەری سیاسیدا دەبینێتەوە، کە لەپۆستی سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێمەوە دەستپێدەکات تادەگاتە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان، لەگەڵ ئەندامانی پارتە سیاسییەکان و خودی ئەو پارتە سیاسیانەی لەهەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا لەکێبڕکێدا بوون، کە ئەوانیش بریتین لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، هاوپەیمانێتی نیشتمانی کوردستان)}.

هەنگاوی دووەم: لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا رووبەری تەرخانکراو بۆ بکەری سیاسیو پرسی هەڵبژاردن بە (سم) دەپێورێت.، لە تەلەفزیۆن و رادیۆکاندا ماوەی تەرخانکراو بۆ بکەری سیاسیو پرسی هەڵبژاردن بە (چرکە) دەپێورێت، لە پێگە ئەلەکترۆنییەکاندا بکەری سیاسیو پرسی هەڵبژاردن بە (ژمارەی وشەکان) دەپێورێت.

هەنگاوی سێهەم: لەکۆی ئەو روبەرەی، دەزگایەکی راگەیاندن لەماوەی روماڵکردنەکەدا، بۆ بکەرە سیاسییەکانی تەرخانکردووە، بڕو رێژەی ئەو رووبەرە دەدۆزینەوە کە بۆ هەڵبژاردن تەرخانکراوە[2].

---

١ لەکاتی رووماڵکردندا ناوی خودی بکەرە سیاسییەکە خۆی تۆمارناکرێت بەڵکو ناوی لایەنە سیاسییەکەی تۆماردەکرێت.

٢ ئەو روبەرەی کە بکەری سیاسی تێدایەو بۆ پرسی هەڵبژاردن تەرخاننەکراوە، بەسەر ١٥ پرسی تردا دابەشدەکرێت لەوانەش وەك پرسەکانی (سیستمی حوکمڕانی، هاوپەیمانێتی سیاسی، کاروباری یاسایی، تیرۆر، خۆپیشاندان، مافی ئافرەتو جێندەر، مافی مرۆڤ، کاروباری ئایینی...هتد).

## ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا:

- (شەش – ٦) ڕۆژنامەو گۆڤار ڕوومالّکردنیان بۆ ئەنجامدراوە { هاوڵاتیو هەولێر (ڕۆژانەن)، ئاوێنەو باس (هەفتانەن)، گۆڤاری لڤین (١٠ ڕۆژ جارێك)و گۆڤاری شار (مانگی دووجار}.
- جیاوازی لەنێوان ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەو هەفتانەدا هەیە لەڕووی ژمارەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی بلاّودەکرێنەوە.
- لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا تەنها ١٥ بابەتی ڕۆژنامەوانی رومالّکراوە (ئەگەر هەبووبێت).
- شێوازی رومالّکردن لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لە (لاپەڕە ١)ەوە دەستپێدەکات، پاشان (لاپەڕە ٣)، دواتر (لاپەڕەی ٢)، ئنجا (لاپەڕە ٥) و دواتر (لاپەڕە ٤)، بەو شێوەیە بەردەوامدەبێت هەتا ١٥ بابەتەکە ڕوومالّدەکرێت.

### یەکەی پێوانەیی بایەخدان بە پرسی هەڵبژاردن و باسکردنی بکەرە سیاسییەکان لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بە (سانتیمەتر - سم)ە.

- **کۆی ژمارەی رومالّکراو:** واتە چەند دانە لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەدا ڕوومالّکراون.
- **کۆی ڕووبەری رومالّکراو:** واتە لەکۆی ڕووبەری ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە تەنها ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی رومالّکراوە کە بکەری سیاسییان تێدایە.
- **ڕووبەری بایەخدان بە هەڵبژاردن:** واتە لەناو کۆی ڕووبەری رومالّکراودا چەندێك باسی هەڵبژاردن کراوە.
- **ڕێژەی بایەخدان بە هەڵبژاردن:** واتە ئەو ڕێژەیە چەندە کە لەناو کۆی ڕووبەری رومالّکراودا بایەخی بە هەڵبژاردن داوە. لێرەدا ئەو ڕووبەرەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە دەرەوەی بایەخدان بەهەڵبژاردن.
- **ڕووبەری تەرخانکراو بۆ چەندبارەی بکەرە سیاسییەکان:** واتە لەکۆی ڕووبەری رومالّکراوی هەر میدیایەکدا، تا چەند بایەخ بە قەوارە سیاسییە کوردییەکانی هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دراوە.

## ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا

### ماوەی روماڵکردن ( ١-٢٨/٤/٢٠١٤ )

### خشتەی ژمارە -١-

| رۆژنامەکان | کۆی ژمارەی رووماڵکراو/ دانە | کۆی رووبەری رووماڵکراو/ سم | رووبەری بایەخدان بەهەڵبژاردن / سم | ڕێژەی بایەخدان بەهەڵبژاردن/ سم | رووبەری تەرخانکراو بۆ چەندبارەی بکەرە سیاسییەکان (بە سانتیمەتر) | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پارتی | گۆڕان | یەکێتی | یەکگرتو | کۆمەڵ | بزووتنەوەی ئیسلامی | هاوپەیمانی [٤] | هی تر [٣] |
| شار | ٢ | ٢٦٦٤٢ | ٤٧٣٦ | ٪١٨ | ٤٤٥٣ | ٥٠٥١ | ٩٣٢٦ | ١٧١٥ | ١٠٨٤ | ٢٥٥١ | ٦٧ | ٢٣٩٥ |
| لڤین | ٣ | ١٢٢٠٩ | ٥٢٤٤ | ٪٤٣ | ٢٣٧٩ | ٢٤٩٠ | ٥٠٧٥ | ١٢٥٨ | ١٥٢ | سفر | ٨٣٢ | ٢٣ |
| ئاوێنە | ٤ | ٦٠٩٤ | ١٢٧٠ | ٪٢٩ | ١٣٦٧ | ١٤١٠ | ٢٠٢٢ | ٤١١ | ٣٥ | ٢٣ | ٨ | ٨١٩ |
| باس | ٤ | ١١٦٥٣ | ٤٧٦٩ | ٪٤١ | ٥١٠٥ | ١٨٣٧ | ٣٠٧٠ | ٢٨٨ | ٦١ | ٣٩ | ٦٩ | ١١٨٤ |
| هەولێر | ١٨ | ٤٩٣٤٢ | ٢١٥٣٢ | ٪٤٤ | ٤٣٤٢١ | ٨٣٣ | ٢٦١٣ | ١٦٣ | ٤٤ | سفر | ١٥ | ٢٢٥٣ |
| هاوڵاتی | ١٩ | ٢٨٠٠٨ | ٨٥٧٥ | ٪٣١ | ٨٢٣٩ | ٣٨٨١ | ٨٨٤٩ | ٧٥٦ | ٥٩٢ | ٦٥ | ٢١٦ | ٥٤١٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٣٣٩٤٨ | ٤٦١٢٦ | ٪٣٤,٥ | ٦٤٩٦٤ | ١٥٥٠٢ | ٣٠٩٥٥ | ٤٥٩١ | ١٩٦٨ | ١٢٧ | ١٢٠٧ | ١٤٦٣٥ |

---

٣ هی تر: مەبەست لە بکەرە سیاسییە عێراقییەکان و بکەرە ناوخۆییەکانە، کە ناکەونە چوارچێوەی کێبڕکێی بازنەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

٤ هاوپەیمانێتی: مەبەست لە هاوپەیمانێتی نیشتمانی کوردستانە کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤/٤/٣٠ی داهاتوو وەك سێ بکەری سیاسی (سۆشیالیست و شیوعی و زەحمەتکێشان) هاوپەیمانن.

## ڕاڤەکارییەك بۆ ئەنجامەکانی "گۆڤاری شار" وەك نموونە:

- گۆڤاری شار: لەماوەی رومالّکراوی پرۆژەکەدا تەنها دوو ژمارە لەم گۆڤارە دەرچووە، لەبەرئەوەی بە ١٥ رۆژ تەنها یەك ژمارەی لێدەردەچێت. هەر گۆڤارێکی شار بە بەرگەوە لە (٥٤) لاپەڕە پێکهاتووەو قەبارەی هەر لاپەڕەیەکی (٢٠,٥سم * ٢٨سم= ٥٧٤سم)ە. لەکۆی ئەو دوو ژمارەیە (٢٦٦٤٢سم)ی رووماڵکراوە لەبەرئەوەی ناوی بکەری سیاسی تێداهاتووە، لەناو ئەو رووبەرە روماڵکراوەشدا (٤٧٣٦ سم) بایەخی بە پرسی هەڵبژاردن داوە کە دەکاتە رێژەی (١٨٪)، واتە بەرێژەی (٧٨٪) بایەخی بە پرسی هەڵبژاردن نەداوە.

- لەکۆی روبەری روماڵکراو، گۆڤاری شار زۆرترین روبەری بۆ بکەرە سیاسییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەرخانکردووە کە (٩٣٢٦ سم)ەو دەکاتە رێژەی (٣٥٪)، دواتر بکەرە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی گۆران دێت کە روبەری (٥٠٥١ سم)ی پێدراوە کەدەکاتە رێژەی (١٩٪) ، پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان بەپلەی سێهەم دێت کە روبەری (٤٤٥٣ سم)ی بۆ تەرخانکراوە کەدەکاتە رێژەی (١٧٪)، دواتر بکەرە سیاسییەکانی ناو یەکگرتووی ئیسلامی دێت کە روبەری (١٧١٥ سم)ی بۆ تەرخانکراوە کەدەکاتە رێژەی (٦,٤٪)، کۆمەڵی ئیسلامی بەپلەی پێنجەم دێت لەڕووی باسکردنی بکەرە سیاسییەکانیەوە کە روبەری (١٠٨٤ سم)ی بۆ تەرخانکراوە کەدەکاتە رێژەی (٤٪). هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان کە لە سێ قەوارەی سیاسی (شیوعیو سۆشیالیستو زەحمەتکێشان) پێکدێت تەنها (٦٧ سم) بۆ بکەرە سیاسییەکانی تەرخانکراوە کە دەکاتە رێژەی (٠,٢٥٪)، وەك لەخشتەکەی سەرەوەدا دیارە بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراقدا هیچ روبەرێکی لەو دوو ژمارەیەی گۆڤاری ناوبراودا بۆ تەرخان نەکراوە.

- (هی تر)، ئەم زاراوەیە کۆی ئەو بکەرە سیاسیانە دەگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی هەرێمی کوردستانو ئەو حەوت قەوارە سیاسییە ناگرێتەوە کە لە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی سێ پارێزگاکەی (هەولێرو سلێمانیو دهۆك)دا بەشدارییان کردووەو دەنگدەرانی ئەو سێ پارێزگایە ناتوانن دەنگیان پێبدەن، لەوانەش وەك (بکەری سیاسی قەوارە سیاسییە عێراقییەکان).

- لەبەر رۆشنایی خشتەی ژمارە -١- دا، خوێنەر دەتوانێت هەمان شێوەی لێکدانەوە بەسەر هەریەك لە (لڤین، ئاوێنە، باس، هاولاتی، هەولێر)یشدا پیادەبکات بۆئەوەی وێنەی گشتی هەریەکێك لەو رۆژنامانە، لەرووی بایەخدان بە پرسی هەڵبژاردنو روبەری تەرخانکراو بۆ هەریەك لە بکەرە سیاسییەکانی بۆ دەربکەوێت.

## ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا:

لەرۆژێکدا تەنها یەك بڵاوکراوەی هەواڵی سەرەکی لەهەریەك لەو دوو کەناڵە ئاسمانیانەی خوارەوە تۆمارکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**کەناڵی ئاسمانی NRT** : بڵاوکراوەی هەواڵی کاژێر (٨-٨,٤٥ی شەو)

**کەناڵی ئاسمانی Rudaw** : بڵاوکراوەی هەواڵی کاژێر (١٢- ١ی نیوەڕۆژ)

پێویستە بگوترێت کە لەناو هەر بڵاوکراوەیەکدا تەنها ئەو هەواڵانە رووماڵکراوە کە بکەری سیاسییان تێدایەو ناوخۆیین و تایبەتن بەهەرێمی کوردستانەوە، جگەلەوەی هیچکام لە هەواڵی وەرزشی، ریکلام، کاریکاتێر رووماڵنەکراون. یەکەی پێوانەیی بۆ رووماڵکردنی بکەری سیاسی لەناو کەناڵە ئاسمانییەکاندا بە (چرکە) بووەو ئەنجامی داتاکانیش بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە -٢-**

**ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا**

| کەناڵە ئاسمانییەکان | کۆی بڵاوکراوە هەواڵ | کۆی ماوەی رووماڵکراو/ چرکە | ماوەی بایەخدان بەهەڵبژاردن/ چرکە | رێژەی بایەخدان بەهەڵبژاردن/ چرکە | ماوەی تەرخانکراو بۆ چەندبارەی بکەرە سیاسییەکان بە چرکە | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پارتی | گۆڕان | یەکێتی | یەکگرتوو | کۆمەڵ | بزووتنەوە | هاوپەیمانی | هی تر |
| NRT TV. | ٢٧ | ١٠٥٥٠ | ١٧٢٤ | ٪١٦ | ٢٥٠٢ | ١١٥٢ | ٣٥٧١ | ٥١٧ | ٣٠٤ | ١٢١ | ٤٥١ | ١٩٣٢ |
| Rudaw TV. | ٢٧ | ١٦٢٩٠ | ٧١٥٢ | ٪٤٤ | ٥٣٦٥ | ٢٨٤٦ | ٣٤٨٦ | ١٢٨٩ | ١١٧٩ | ١٦٦ | ٢١٨ | ١٧٤١ |
| کۆی گشتی | ٥٤ | ٢٦٨٤٠ | ٨٨٧٦ | ٪٣٣ | ٧٨٦٧ | ٣٩٩٨ | ٧٠٥٧ | ١٨٠٦ | ١٤٨٣ | ٢٨٧ | ٦٦٩ | ٣٦٧٣ |

## ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکاندا:

لەماوەی ڕووماڵکردنەکەدا، کار لەسەر دوو ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی کراوە کە ئەوانیش بریتین لە (سایتی خەندان)و (سایتی نها ٢٤). لەو دوو سایتەدا تەنها ئەو هەواڵانە ڕووماڵکراون کە بکەری سیاسییان تێدایەو هەواڵی ناوخۆی هەرێمی کوردستانن. لەهەر ڕۆژێکدا کۆی هەواڵەکانی نێوان کاژێر (٣-٩)ی عەسر روماڵکراون، کە لەسەر رووکاری ئەو دوو سایتە پەخشکراون، یەکەی پێوانەیی بۆ ڕووماڵکردن (ژمارەی وشەکان)ەو، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەیە:

**خشتەی ژمارە -٣-**

**ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکاندا**

| پێگە ئەلەکترۆنییەکان | کۆی بڵاوکراوەی هەواڵەکان | کۆی ماوەی ڕووماڵکراو/ ژ.وشە | ماوەی بایەخدان بەهەڵبژاردن / ژ.وشە | ڕێژەی بایەخدان بەهەڵبژاردن / ژ.وشە | ماوەی تەرخانکراو بۆ چەندبارەی بکەرە سیاسییەکان بە ژمارەی وشە | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پارتی | گۆڕان | یەکێتی | یەکگرتوو | کۆمەڵ | بزووتنەوە | هاوپەیمانی | هی تر |
| سایتی خەندان | ٢٧ | ٤٤٥٠٨ | ٦٨١١ | ٪١٥ | ١١٦٠٠ | ٤٠٣٣ | ١٣٤٩٠ | ١٧٢٥ | ١٨٠٤ | ١٧٤ | ٥ | ١١٦٧٧ |
| سایتی نها ٢٤ | ٢٥° | ٢٧٧٣٩ | ٦٧٨٥ | ٪٢٤ | ٨٣٩٦ | ٤٢٨٠ | ٨٤١٢ | ١٤٨٢ | ٥٣٧ | ١٠٣ | ٤٣٨ | ٤٠٩١ |
| کۆی گشتی | ٥١ | ٧٢٢٤٧ | ١٣٥٩٦ | ٪١٩ | ١٩٩٩٦ | ٨٣١٣ | ٢١٩٠٢ | ٣٢٠٧ | ٢٣٤١ | ٢٧٧ | ٤٤٣ | ١٥٧٦٨ |

° پێگەی ئەلەکترۆنی "نها ٢٤" دوو ڕۆژ (٢٠١٤/٤/٩،١٠) روماڵ نەکراوە، لەبەر بوونی کێشەی تەکنیکی لەلایەن خۆیانەوە.

## ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە رادیۆکاندا:

لەم پرۆژەیەدا دوو ئێستگەی رادیۆیی رووماڵکراون کەئەوانیش بریتین لە (رادیۆی نەوا) و (رادیۆی ناوخۆ)، لەهەر رۆژێکدا تەنها یەك بڵاوکراوەی هەواڵیان وەرگیراوە، تەنها ئەو هەواڵانە رووماڵکراون کە بکەری سیاسییان تێدایەو هەواڵی ناوخۆی هەرێمی کوردستانن. کاتی رووماڵکردنی بڵاوکراوەی هەواڵەکان کەوتۆتە نێوان کاژێر (١١– ٢)ی پاشنیوەڕۆ. ئەنجامی داتاکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**خشتەی ژمارە -٤-**

**ئاستی بایەخدانی چەندایەتی بە پرسی هەڵبژاردن و بکەری سیاسی لە رادیۆکاندا**

| رادیۆکان | کۆی بڵاوکراوەی هەواڵەکان | کۆی ماوەی رووماڵکراو/ چرکە | ماوەی بایەخدان بەهەڵبژاردن / چرکە | ڕێژەی بایەخدان بەهەڵبژاردن/چرکە | ماوەی تەرخانکراو بۆ چەندبارەی بکەرە سیاسییەکان بە چرکە | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | پارتی | گۆڕان | یەکیتی | یەککگرتوو | کۆمەڵ | بزووتنەوە | هاوپەیمانی | هی تر |
| رادیۆی نەوا | ٢٦ | ٣٥٩٧ | ٧٣٥ | ٪٢٠ | ٨١٧ | ٤٢٢ | ١٣٢٢ | ٩٩ | ١٧٣ | ٧٠ | ١٦٥ | ٥٢٩ |
| رادیۆی ناوخۆ | ٢٦ | ٦٢٣٠ | ١٢٧١ | ٪٢٠ | ١١٢٩ | ٦٨ | ٢٨٨٧ | ١٨٢ | ٧٨ | ٨٠ | ١٣٥ | ١٦٧١ |
| کۆی گشتی | ٥١ | ٩٨٢٧ | ٢٠٠٦ | ٪٢٠ | ١٩٤٦ | ٤٩٠ | ٤٢٠٩ | ٢٨١ | ٢٥١ | ١٥٠ | ٣٠٠ | ٢٢٠٠ |

## دووەم/ شیکارکردنی چلۆنایەتی ئاستی بایەخدانی دەزگا میدیاییەکان بە پرسی هەڵبژاردنو بکەرە سیاسییەکان:

ئەوەی شیکاریی چلۆنایەتی لەفۆرمی چەندایەتی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لەرووی چۆنایەتییەوە دەزگا میدیاییەکان هەڵدەسەنگێنێت کەدەکاتە مانشێتو ناونیشانە لاوەکییەکانی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان، سەردێڕی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنو رادیۆ، کۆی روپەڕی ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان .

ئەو بابەتانەی لەشیکاری چلۆنایەتیدا تیشکیان خراوەتەسەر بریتین لەمانەی خوارەوە:

**<u>یاریکردن بەناونیشان (التلاعب بالعنوان):</u>** مەبەست لەوەیە کە ئەو کەناڵی راگەیاندنە تاچەندە ناونیشانەکەی پێچەوانەی ناوەڕۆکی بابەتەکەیە.

**<u>یاریکردن بەوێنە (التلاعب بالصورة):</u>** مەبەست لەو وێنانەیە کەبۆ بابەتە رۆژنامەوانیەکە دانراوە بەوەی تاچەند مەبەستی کەناڵەکە گەیاندنی دیمەنێکی نەشیاو یان جوانکردنی بێت.

**<u>بابەتیبوون (الموضوعیة):</u>** مەبەست لەوەیە کە تاچەند بابەتە رۆژنامەوانیەکەی مانشێتەکە یان سەردێڕەکە توانیویەتی لانیکەم هەموو ئەو کەسانە بدوێنێت کە لەبابەتە رۆژنامەوانیەکەدا ناویان هاتووەو مافی پێداون تاوەڵامی خۆیان هەبێت.

**<u>هاوسەنگی (التوازن):</u>** مەبەست لەوەیە کە بابەتە رۆژنامەوانیەکەی مانشێتەکە یان سەردێڕەکە تاچەند توانیویەتی بەشێوەیەکی یەکسان روبەر یان کات یاخود ژمارەی وشە بداتە سەرجەم ئەوانەی لێدوانیان لێوەردەگرێت.

**<u>وردەکاریی (الدقة):</u>** مەبەست لەوەیە کە تاچەند ناوەڕۆکی بابەتە رۆژنامەوانیەکە هەولێداوە زانیاری پێویست لەخۆبگرێت کە بتوانێت خوێنەر لەرووی زانیارییەوە تێربکاتو پێویستی بە گەڕان نەمێنێت لەو بارەیەوە.

## شیکاری چلۆنایەتی بۆ گۆڤارو رۆژنامەکان:

– لەشیکاری چلۆنایەتیدا بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان، هەریەك لەمانەی خوارەوە رووماڵدەکرێن:

– مانشێتو ناونیشانی لاوەکیو بابەتە رۆژنامەوانیانەکانی لاپەڕەی یەکەم بەگشتی.

– درێژکراوەی مانشێتو ناونیشانە لاوەکییەکان لەلاپەڕەکانی تردا.

| رۆژنامەکان | کۆی ژمارەی رووماڵکراو/ دانە | کۆی بابەتی رووماڵکراو | یاریکردن بە ناونیشان | | یاریکردن بە وێنە | | بابەتیبوون | | هاوسەنگی | | وردەکاری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| شار | ٢ | ٨ | سفر | ٨ | ١ | ٧ | ٤ | ٤ | ٢ | ٦ | ٣ | ٥ |
| لڤین | ٣ | ١٢ | ٣ | ٩ | ١ | ١١ | ٣ | ٩ | ١ | ١١ | ٩ | ٣ |
| ئاوێنە | ٤ | ١٢ | ٣ | ٩ | ٣ | ٩ | ٨ | ٤ | ٥ | ٧ | ٧ | ٥ |
| باس | ٤ | ٤٠ | ٥ | ٣٥ | ٣ | ٣٧ | ١٨ | ٢٢ | ١٣ | ٢٧ | ١١ | ٢٩ |
| هەولێر | ١٨ | ٥٢ | ٦ | ٤٦ | ١٨ | ٣٤ | ٢٣ | ٢٩ | ٣ | ٤٩ | ٤ | ٤٨ |
| هاوڵاتی | ١٩ | ٤٧ | ٢ | ٤٥ | ٢ | ٤٥ | ٣١ | ١٦ | ١٨ | ٢٩ | ٣٤ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٧١ | ١٩ | ١٥٢ | ٢٨ | ١٤٣ | ٨٧ | ٨٤ | ٤٢ | ١٢٩ | ٦٨ | ١٠١ |

**شیکاریی:**

وەك لە خشتەکەی سەرەوەدا دیارە، نە ژمارە دەرچووەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان وەکیەکەو نە ژمارەی سەردێرەکانیان، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هەندێکیان رۆژانەن‌و هەندێکیشیان هەفتانەن یان بە ١٠ رۆژ جارێك یان بە ١٥ رۆژ جارێك دەر دەچێت، لەبەرئەوە گونجاوترین پێوەر بۆ دەرخستنی جیاوازییەکانیان ئەوەیە کە بەگشتی رێژەی سەدییان وەربگیرێت، پاشان بەراورد لەنێوان ئەنجامەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بکرێت.

*** یاریکردن بە ناونیشان:**

– گۆڤاری شار لەو ٢ ژمارە روماڵکراوەیدا، کە ٨ ناونیشانی سەر بەرگی هەیەو روماڵکراوە، هیچ یاری بە ناونیشانەکان نەکراوە، واتە (١٠٠٪) ناونیشانەکانی لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکەدا تەبایە.

– گۆڤاری "ڤین"، لەکۆی ١٢ ناونیشان کە لەسەر بەرگەکەی هەیە، ٣ ناونیشانی یاری پێکراوە کە ناتەبایە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتە رۆژنامەوانییە روماڵکراوەکەدا، کە ئەمەش دەکاتە رێژەی (٢٥٪). کەواتە ئەم گۆڤارە بەرێژەی (٧٥٪) یاری بەناونیشانی نەکردووە.

– هەفتەنامەی "ئاوێنە"، لەکۆی ١٢ ناونیشانی سەر لاپەڕەی یەکەمی ٣ دانەی یاری پێکراوەو ناتەبایە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکەدا، کە دەکاتە رێژەی (٢٥٪).

– هەفتەنامەی "باس"، لەکۆی ٤٠ ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمیدا ٥ یان یاری پێکراوە، کە ئەمەش دەکاتە (١٢,٥٪).

– رۆژنامەی هەولێر، لەکۆی ٥٢ ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمیدا ٦ یان یاری پێکراوە، کە ئەمەش دەکاتە (١١,٥٪).

– رۆژنامەی "هاوڵاتی"، لەکۆی ٤٧ ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمیدا تەنها ٢ دانەیان یاری پێکراوە، کە ئەمەش دەکاتە (٤٪).

– کۆی رۆژنامەو گۆڤارەکان، لەکۆی بابەتە رۆژنامەوانییە روماڵکراوەکانیاندا بە رێژەی (١٢٪) یاری بە ناونیشانەکانیان نەکراوەو بەرێژەی (٨٨٪) یارییان بە ناونیشانەکان کردووە.

ئەگەر بەراوردێکی گشتی لەنێوان ئەنجامەکانی گۆڤارو رۆژنامە روماڵکراوەکاندا بکەین لەرووی یاریکردن بەناونیشان، دەبینین ریزبەندییەکە بەم شێوەیەیە:

(گۆڤاری شار کەمترین یاری بەناونیشان کردووە، رۆژنامەی هاوڵاتی، هەفتەمنامەی ئاوێنەو گۆڤاری ڤین زۆرترین یاری بەناونیشان کردووە).

### * یاریکردن بە وێنە:

ئەو وێنانەی لێرەدا رومالّکراون لە دوو شوێندان:

یەکەم: وێنە رومالّکراوەکانی سەر بەرگی گۆڤار یان سەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان کە گوزارشت لە ناونیشانەکان دەکەن.

دووەم: وێنەی ناوەوەی گۆڤار یان رۆژنامەکان کە درێژکراوەی ناونیشانەکانی سەر بەرگی گۆڤار یان لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکانن.

- گۆڤاری "شار"، لەکۆی ٨ وێنەی رومالّکراوی سەر هەریەك لەدوو بەرگەکەی و ناوەڕۆکی ناوەوەی گۆڤارەکە، تەنها یاری بە یەك وێنەیان کراوە، کەدەکاتە رێژەی (١٢,٥٪)، واتە لەناو ئەو وێنانەدا تەنها وێنەیەکیان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا ناتەبایە.
- گۆڤاری "لڤین"، لەکۆی ١٢ ناونیشان کە لەسەر بەرگەکەی هەیە، لە ١ دانەیدا یاری بەوێنە کراوە، کە ئەمەش دەکاتە رێژەی (٨,٣٪).
- هەفتەنامەی "ئاوێنە"، لەکۆی ١٢ ناونیشانی سەر لاپەڕەی یەکەمی ٣ دانەی یاری پێکراوەو ناتەبایە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا، کە دەکاتە رێژەی (25٪).
- هەفتەنامەی "باس"، لەکۆی ٤٠ ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمیدا، لە ٣ دانەیدا یاری بەوێنە کراوەو ، کە ئەمەش دەکاتە (١٢,٥٪).
- رۆژنامەی هەولێر، لەکۆی ٥٢ ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمیدا ١٨ یان یاری پێکراوە، کە ئەمەش دەکاتە (١١,٥٪).
- رۆژنامەی "هاوڵاتی"، لەکۆی ٤٧ ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمیدا تەنها ٢ دانەیان یاری پێکراوە، کە ئەمەش دەکاتە (٤٪).
- لەکۆی بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا، بەرێژەی (١٦٪) یارییان بە وێنەکانیان نەکردووەو بەرێژەی (٨٤٪) یارییان بە وێنەکانیان کردووە.
- ئەگەر بەراوردێکی گشتی لەنێوان ئەنجامەکانی گۆڤارو رۆژنامە رومالّکراوەکاندا بکەین لەرووی یاریکردن بەناونیشان، دەبینین ریزبەندییەکە بەم شێوەیەیە:

(رۆژنامەی هاوڵاتی بەکەمترین رێژە یاری بەوێنەکردووە، گۆڤاری لڤین، رۆژنامەی هەولێر، هەفتەنامەی باسو گۆڤاری شار، هەفتەنامەی ئاوێنە بەزۆرترین رێژە یاری بەوێنەکردووە).

**بابەتیبوون:**

ئەنجامەکانی بابەتیبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

– گۆڤاری شار بە ڕێژەی (٥٠٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووە، واتە لەکۆی ٨ بابەتی ڕۆژنامەوانی نیوەی بەشێوەیەکی بابەتی هەموو بکەرە سیاسییەکانی دواندووە، بەڵام بە ڕێژەی (٥٠٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستە نەکردووەو بیروڕای هەموو بکەرە سیاسییەکانی وەرنەگرتووە کە ناویان لەبابەتە ڕۆژنامەوانییەکەدا هاتووە.

– گۆڤاری لڤین ڕێژەی (٢٥٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە ڕێژەی (٧٥٪) بابەتیبوونی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی ئاوێنە بە ڕێژەی (٦٧٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە ڕێژەی (٣٣٪) بابەتیبوونی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی باس بە ڕێژەی (٤٥٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە ڕێژەی (٥٥٪) بابەتیبوونی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی هەولێر بە ڕێژەی (٤٤٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە ڕێژەی (٥٦٪) بابەتیبوونی لە بەرجەستە نەکردووە.

– ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە ڕێژەی (٦٦٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە ڕێژەی (٣٤٪) بابەتیبوونی بەرجەستە نەکردووە.

– کۆی گشتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەڕێژەی (٥١٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە ڕێژەی (٤٩٪) بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییە ڕومالّکراوەکانیدا بەرجەستە نەکردووە.

– ئەگەر بەراوردێکی گشتی لەنێوان ئەنجامەکانی گۆڤارو ڕۆژنامە ڕومالّکراوەکاندا بکەین لەڕووی بەرجەستەکردنی بابەتیبوونەوە لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیدا، دەبینین ڕیزبەندییەکە بەم شێوەیەیە:

(هەفتەنامەی ئاوێنە زۆرترین بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستەکردووە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، گۆڤاری شار، هەفتەنامەی باس، ڕۆژنامەی هەولێر، گۆڤاری لڤین کەمترین بابەتیبوونی لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستەکردووە).

## پرسی هاوسەنگی :

ئەنجامەکانی هاوسەنگی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

– گۆڤاری شار بە رێژەی (٢٥٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووە، واتە لەکۆی ٨ بابەتی رۆژنامەوانی ٢ بابەتیان هاوسەنگی لەنێوان ئەو رووبەرانەدا بەرجەستەکردووە کە بۆ بکەرە سیاسییەکانی تەرخانکردووە، بەلاّم بە رێژەی (٧٥٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستە نەکردووەو رووبەری یەکسانی لەنێوان بکەرە سیاسییەکاندا نەرەخساندووە کە ناویان لەبابەتە رۆژنامەوانییەکەدا هاتووە.

– گۆڤاری لڤین رێژەی (8,3٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٩١,٧٪) پرسی هاوسەنگی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی ئاوێنە بە رێژەی (٤٢٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٥٨٪) پرسی هاوسەنگی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی باس بە رێژەی (٣٢,٥٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٦٧,٥٪) پرسی هاوسەنگی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی هەولێر بە رێژەی (٦٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٩٤٪) پرسی هاوسەنگی لە بەرجەستە نەکردووە.

– رۆژنامەی هاولاّتی بە رێژەی (٣٨٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٦٢٪) پرسی هاوسەنگی بەرجەستە نەکردووە.

– کۆی گشتی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەرێژەی (٢٤,٥٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٧٥,٥٪) پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستە نەکردووە.

– ئەگەر بەراوردێکی گشتی لەنێوان ئەنجامەکانی گۆڤارو رۆژنامە رومالّکراوەکاندا بکەین لەرووی بەرجەستەکردنی پرسی هاوسەنگییەوە لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا، دەبینین ریزبەندییەکە بەم شێوەیەیە: (هەفتەنامەی ئاوێنە زۆرترین پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستەکردووە، رۆژنامەی هاولاّتی، هەفتەنامەی باس، گۆڤاری شار، گۆڤاری لڤین رۆژنامەی هەولێر کەمترین پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستەکردووە).

**پرسی وردەکاری :**

مەبەست لەم پرسە ئەوەیە کە تاچەند بابەتە رۆژنامەوانییەکە توانیویەتی خوێنەر لەرووی پێدانی زانیارییەوە تێربکات بەشێوەیەك کە پێویستی بە زانیاری تر نەبێت لەو بارەیەوە.

ئەنجامەکانی پرسی وردەکاریی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

– گۆڤاری شار بە رێژەی (٣٧,٥٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووە، واتە لەکۆی ٨ بابەتی رۆژنامەوانی ٢ بابەتیان وردەکاریی تێدایە، بەلاّم بە رێژەی (٦٢,٥٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستە نەکردووەو نەیتوانیوە زانیاری پێویست بداتە خوێنەرانی.

– گۆڤاری لڤین رێژەی (75٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٢٥٪) پرسی وردەکاریی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی ئاوێنە بە رێژەی (٥٨٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٤٢٪) پرسی وردەکاریی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی باس بە رێژەی (٢٧,٥٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٧٢,٥٪) پرسی وردەکاریی بەرجەستە نەکردووە.

– هەفتەنامەی هەولێر بە رێژەی (٨٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٩٢٪) پرسی وردەکاریی لە بەرجەستە نەکردووە.

– رۆژنامەی هاولاّتی بە رێژەی (٧٢٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٢٨٪) پرسی وردەکاریی بەرجەستە نەکردووە.

– کۆی گشتی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەرێژەی (٤٠٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووەو بە رێژەی (٦٠٪) پرسی وردەکاریی لە بابەتە رۆژنامەوانییە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستە نەکردووە.

– ئەگەر بەراوردێکی گشتی لەنێوان ئەنجامەکانی گۆڤارو رۆژنامە رومالّکراوەکاندا بکەین لەرووی بەرجەستەکردنی پرسی وردەکارییەوە لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا، ریزبەندییەکە بەم شێوەیەیە:

(گۆڤاری لڤین زۆرترین پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستەکردووە، رۆژنامەی هاولاّتی، هەفتەنامەی ئاوێنە ، گۆڤاری شار، هەفتەنامەی باس، رۆژنامەی هەولێر کەمترین پرسی هاوسەنگی لە بابەتە رۆژنامەوانییەکانیدا بەرجەستەکردووە).

## شیکاری چلۆنایەتی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان:

لەشیکاری چلۆنایەتیدا بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان تەنها سەردێڕی هەواڵەکان رومالّکراوەو ئەنجامەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

| کەناڵە ئاسمانییەکان | کۆی بڵاوکراوەی هەواڵ | کۆی سەردێڕی هەواڵ | یاریکردن بەناونیشان | | یاریکردن بەوێنە | | بابەتیبوون | | هاوسەنگی | | وردەکاری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| NRT TV. | ٢٧ | ١٥٨ | سفر | ١٥٨ | سفر | ١٥٨ | ٨٢ | ٧٦ | ٦٩ | ٨٩ | ١٢٦ | ٣٢ |
| Rudaw TV. | ٢٤ | ٥١ | سفر | ٥١ | سفر | ٥١ | ٤٤ | ٧ | ٢٩ | ٢٢ | ٨ | ٤٣ |
| کۆی گشتی | ٥١ | ٢٠٩ | سفر | ٢٠٩ | سفر | ٢٠٩ | ١٢٦ | ٨٣ | ٩٨ | ١١١ | ١٣٤ | ٧٥ |

لە خشتەکەی سەرەوەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە هیچکام لە کەناڵە ئاسمانییەکانی NRT و Rudaw لەماوەی رووماڵکردنیاندا یاریکردن بە ناونیشانو یاریکردن بە وێنەیان نەبووە، کە ئەمەش ئەنجامێکی پۆزەتیڤە.

سەبارەت بە پرسی بابەتیبوون، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

– کەناڵی ئاسمانی NRT بە رێژەی (٥٢٪) بابەتیبوونی لە سەردێڕی هەواڵە رومالّکراوەکانیدا بەرجەستەکردووە، واتە لەکۆی ١٥٨ سەردێڕی هەوالّ ٨٢یان بەشێوەیەکی بابەتی هەموو بکەرە سیاسییەکانی دواندووە، بەلاّم بە رێژەی (٤٨٪) بابەتیبوونی بەرجەستە نەکردووەو بیروڕای هەموو بکەرە سیاسییەکانی وەرنەگرتووە کە ناویان لەبابەتە رۆژنامەوانییەکەدا هاتووە.

– کەناڵی ئاسمانی Rudaw بە ڕێژەی (٨٢٪) بابەتیبوونی لە سەردێڕی هەواڵە ڕوماڵکراوەکانیدا بەرجەستەکردووە، چونکە لەکۆی ٥١ سەردێڕی هەواڵ ٤١ سەردێڕیان بەشێوەیەکی بابەتی هەموو بکەرە سیاسییەکانی دواندووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد لەگەڵ کەناڵی NRT دا.

**پرسی هاوسەنگی:**

لە کەناڵە ڕوماڵکراوەکاندا هاوسەنگی لە کەناڵی ئاسمانی NRT دا بە ڕێژەی (٤٤٪)ە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە کەناڵی ئاسمانی Rudaw دا (٥٧٪)ە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە کەناڵی ئاسمانی Rudaw هاوسەنگی زیاتری ڕاگرتووە لەڕووی تەرخانکردنی دەرفەتی یەکسان لەنێوان بکەرە سیاسییەکاندا لەچاو کەناڵی ئاسمانی NRT دا.

**پرسی وردەکاری:**

کەناڵی ئاسمانی NRT بە ڕێژەی (٨٠٪) پرسی وردەکاری لەخۆیدا بەرجەستەکردووە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە کەناڵی ئاسمانی Rudaw دا (١٦٪)یە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە کەناڵی ئاسمانی NRT زیاتر لە کەناڵە ئاسمانییەکەی تر Rudaw، زانیاری وردو پێویستی داوەتە بینەرەکانی بەجۆرێك کە پێویستی بەگەڕان نەبێت بۆئەوەی زانیاری لەبارەی ئەو بابەتەوە وەربگرێت.

## شیکاری چلۆنایەتی بۆ پێگە ئەلەکترۆنییەکان:

لەشیکاری چلۆنایەتیدا بۆ پێگە ئەلەکترۆنییەکان، سەرجەم ئەو بابەتانە رومالّکراوە کە لەروپەری پێگە ئەلەکترۆنییەکەدا دابەزێنراوە.

| پێگە ئەلەکترۆنییەکان | کۆی ژمارەی بڵاوکراوەی هەواڵ | کۆی بابەتە رووماڵکراوەکان | یاریکردن بەناونیشان | | یاریکردن بەوێنە | | بابەتیبوون | | هاوسەنگی | | وردەکاریی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| سایتی خەندان | ٢٧ | ٥٥٢ | ٤٧ | ٥٠٥ | ٣٣ | ٥١٩ | ٣٣٤ | ٢١٨ | ٢٥٦ | ٢٩٦ | ١٩٨ | ٣٥٤ |
| سایتی نها ٢٤ | ٢٥ | ٣٨٦ | ٥ | ٣٨١ | ٨ | ٣٧٨ | ١٤١ | ٢٤٥ | ٥٠ | ٣٣٦ | ١٥٤ | ٢٣٢ |
| کۆی گشتی | ٥٢ | ٩٣٨ | ٥٢ | ٨٨٦ | ٤١ | ٨٩٧ | ٤٧٥ | ٤٦٣ | ٣٠٦ | ٦٣٢ | ٣٥٢ | ٥٨٦ |

لە خشتەکەی سەرەوەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە:

**یاریکردن بە ناونیشان:**

لەماوەی رووماڵکردنیدا پێگەی ئەلەکترۆنی "خەندان" بە رێژەی (٨,٥٪) بووە، لەکاتێکدا ئەم رێژەیە لەلای پێگەی ئەلەکترۆنی Niha 24 زۆر لەوە کەمترەو (١,٢٪) ە. کە ئەمەش ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە چونکە تێکرای یاریکردن بە ناونیشان لەهەردوو سایتەکەدا گەیشتۆتە (٥,٥٪).

**پرسی یاریکردن بە وێنە:**

لە پێگەی ئەلەکترۆنی "خەندان"دا، رێژەی یاریکردن بەوێنە (٦٪) بووە، بەڵام لە سایتی Niha 24 دا رێژەکە لەوەش کەمترەو (٢٪) یاری بە وێنەکراوە، کە ئەمەش ئەنجامێکی پۆزەتیڤە.

**پرسی بابەتیبوون:**

– پێگەی ئەلەکترۆنی خەندان، ڕێژەی (٦٠,٥٪) بابەتیبوونی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی باشە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لەلای پێگەی ئەلەکترۆنی Niha 24 کەمترەو (٣٦,٥٪). کەواتە دەتوانین بڵێین کە سایتی خەندان زیاتر لە سایتی نها ٢٤ بکەرە سیاسییەکانی ناو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی دواندووەو فەرامۆشی نەکردون.

**پرسی هاوسەنگی:**

– پێگەی ئەلەکترۆنی "خەندان" لە پرسی هاوسەنگیدا ڕێژەی (٤٦٪)ی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە پێگەی ئەلەکترۆنی Niha 24 دا کەمترەو دەگاتە (١٣٪). کەواتە دەتوانین بڵێین کە سایتی خەندان زیاتر لە سایتی نها ٢٤ دەرفەتی یەکسانی ڕەخساندووە بۆ بکەرە سیاسییەکانی ناو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسی هاوسەنگی بەگشتی لەو دوو سایتەدا بەپێی پێویست نییەو پێویستە ڕەچاوی زیاتری ئەم پرسە بکەن.

**پرسی وردەکاری:**

– پێگەی ئەلەکترۆنی خەندان بە ڕێژەی (٣٦٪) پرسی وردەکاری لەخۆیدا بەرجەستەکردووە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە پێگەی ئەلەکترۆنی Niha 24 دا دەکاتە (٤٠٪). کەواتە دەتوانین بڵێین کە سایتی خەندان لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیدا کەمتر لە سایتی نها ٢٤ زانیاری وردو پێویستی داوەتە خوێنەرانی بەجۆرێك کە پێویستیان بەگەڕان نەبێتو تێریان بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسی وردەکاری بەگشتی لەو دوو سایتەدا نزمە چونکە تێکڕای هەردوو سایتەکە (٣٧,٥٪)ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەڕێژەی (٦٢,٥٪) بایەخیان بەپرسی وردەکاری نەداوە، هەربۆیە پێویستە هەردوو سایتی ناوبراو لەمەودوا ڕەچاوی زیاتری ئەم پرسە بکەن بۆئەوەی خوێنەر ناچارنەبێت پەنا بۆ کەناڵی میدیایی تر ببات بۆئەوەی زانیارییەکانی تێربکات.

## شیکاری چلۆنایەتی بۆ رادیۆکان:

لەشیکاری چلۆنایەتیدا بۆ رادیۆکان تەنها سەردێڕی هەواڵەکان روماڵکراوەو ئەنجامەکەی بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

| رادیۆکان | کۆی بڵاوکراوەی هەواڵ | کۆی سەردێڕی هەواڵ | یاریکردن بەناونیشان | | بابەتیبوون | | هاوسەنگی | | وردەکاری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| رادیۆی نەوا | ٢٤ | ٤٦ | ١ | ٤٥ | ٢٢ | ٢٤ | ٣ | ٤٣ | ٢٧ | ١٩ |
| رادیۆی ناوخۆ | ٢٧ | ١٠٠ | ١ | ٩٩ | ٤٤ | ٥٦ | ٣٣ | ٦٧ | ٥٤ | ٤٦ |
| کۆی گشتی | ٥١ | ١٤٦ | ٢ | ١٤٤ | ٦٦ | ٨٠ | ٣٦ | ١١٠ | ٨١ | ٦٥ |

لە خشتەکەی سەرەوەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە:

**یاریکردن بە ناونیشان:**

لەماوەی رووماڵکردنی رادیۆی نەوادا لەکۆی ٤٦ سەردێڕی هەواڵەکان تەنها ١ سەردێڕ یاری پێکراوە کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٢٪) لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە رادیۆی ناوخۆدا کەمترەو ڕێژەکەی دەکاتە (١٪). ئەمەش ئەنجامێکی پۆزەتیڤە.

**پرسی بابەتیبوون:**

– رادیۆی نەوا بە ڕێژەی (٤٨٪) پرسی بابەتیبوونی لەو هەواڵانەدا بەرجەستەکردووە کە سەردێڕیان هەیەو بکەری سیاسییان تێدابووە، لەکاتێکدا رادیۆی ناوخۆ ئەم ڕێژەیەی دابەزاندووە بۆ (٤٤٪). ئەمەش چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکات کە لەمەودوا هەردوو رادیۆی ناوبراو هەوڵبدەن لەهەواڵەکانیاندا هەموو ئەو بکەرە سیاسیانە بدوێنێت کە ناویان لەهەواڵەکاندا دێت.

**پرسی هاوسەنگی:**

هاوسەنگی لەرادیۆی نەوادا بە ڕێژەی (٦,٥٪)ە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە رادیۆی ناوخۆدا (٣٣٪)یە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە رادیۆی ناوخۆ، بەبەراورد لەگەڵ رادیۆی نەوا، بایەخی زیاتری داوە بە پرسی هاوسەنگی لەرووی تەرخانکردنی دەرفەتی یەکسان لەنێوان بکەرە سیاسییەکاندا. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە رادیۆی ناوخۆش لەئاستێکی بەرزدایە لەڕووی رەچاوکردنی پرسی هاوسەنگییەوە بەڵکو هەردوو رادیۆی ناوبراو پێویستە لەو هەواڵانەی کەدرێژبۆوەی سەردێڕەکانی هەواڵنو بکەری سیاسییان تێدایە، هەوڵبدەن دەرفەتی یەکسانیان بۆ برەخسێنن.

**پرسی وردەکاری:**

رادیۆی نەوا بە ڕێژەی (٥٩٪) پرسی وردەکاری لەخۆیدا بەرجەستەکردووە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە رادیۆی ناوخۆدا کەمێك دابەزیوەو بۆتە (٥٤٪)، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە رادیۆی نەوا زیاتر لە رادیۆی ناوخۆ، بایەخی بە وردکردنەوەی هەواڵەکان داوەو لەو ڕێگەیەوە زانیاری وردو پێویستی داوەتە گوێگرانی بەجۆرێك کە پێویستیان بەگەڕان نەبێت بۆئەوەی زانیاری تر لەشوێنی تر لەبارەی ئەو بابەتەوە وەربگرێت کە لەهەواڵەکەدا هاتووە.

## بەراوردێك لەنێوان کۆی ئەنجامەکانی کەناڵی راگەیاندنەکان – شیکاری چلۆنایەتی

ئامانج لەم بەراوردکارییە بۆ ئەوەیە بزانین لەنێوان کۆی ئەنجامەکانی دەزگای راگەیاندنەکانی بینین و بیستن و چاپکراوو ئەلەکترۆنیدا، وەك گشتێك، کامیان بایەخی زیاتریان داوە بەو پرسانەی لەفۆرمی چلۆنایەتیدا باسکراون. سەیری خشتەی خوارەوە بکە:

| دەزگاکانی راگەیاندن | کۆی ژمارەی رووماڵکراو/ دانە | کۆی بابەتی رووماڵکراو | یاریکردن بە ناونیشان | | یاریکردن بە وێنە | | بابەتیبوون | | هاوسەنگی | | وردەکاریی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| رۆژنامەو گۆڤارەکان | ٥٠ | ١٧١ | ١٩ (11%) | ١٥٢ (٨٩٪) | 28 (16%) | ١٤٣ (84%) | ٨٧ (51%) | ٨٤ (49%) | ٤٢ (25%) | ١٢٩ (75%) | ٦٨ (40%) | ١٠٣ (60%) |
| کەناڵە ئاسمانییەکان | ٥١ | ٢٠٩ | ٠ (0%) | ٢٠٩ (١٠٠%) | ٠ (0%) | ٢٠٩ (١٠٠%) | ١٢٦ (60%) | ٨٣ (40%) | ٩٨ (47%) | ١١١ (53%) | ١٣٤ (64%) | ٧٥ (36%) |
| پێگە ئەلەکترۆنییەکان | ٥٢ | ٩٣٨ | ٥٢ (٦٪) | ٨٨٦ (94%) | ٤١ (4%) | ٨٩٧ (96%) | ٤٧٥ (51%) | ٤٦٣ (49%) | ٣٠٦ (33%) | ٦٣٢ (67%) | ٣٥٢ (38%) | ٥٨٦ (62%) |
| رادیۆکان | ٥١ | ١٤٦ | ٢ (1%) | ١٤٤ (98,7%) | نیەتی | نیەتی | ٦٦ (45%) | ٨٠ (55%) | ٣٦ (25%) | ١١٠ (75%) | ٨١ (55%) | ٦٥ (45%) |

لە خشتەکەی سەرەوەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە:

**یاریکردن بە ناونیشان:**

لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا کە رووماڵکراون، کەناڵی ئاسمانی هیچ یاریکردنێکی بە ناونیشان تێدا نییەو رێژەکەی (٠٪)ە ، رادیۆکان بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (١٪)، پێگە ئەلەکترۆنییەکان بە پلەی سێهەم دێت بەرێژەی (٦٪)، رۆژنامەکان زۆرترین یاریکردنیان بە ناونیشان تێدایەو بە پلەی چوارەمو کۆتایی دێت بەرێژەی (١١٪).

**یاریکردن وێنە:**

لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا کە رووماڵکراون، کەناڵی ئاسمانی هیچ یاریکردنێکی بە وێنە تێدا نییەو رێژەکەی (٠٪)ە ، پێگە ئەلەکترۆنییەکان بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٤٪)، رۆژنامەکان زۆرترین یاریکردنیان بە وێنە تێدایەو بە پلەی چوارەمو کۆتایی دێت بەرێژەی (١٦٪). دیارە رادیۆکان وێنەیان نییەو ئەژمارناکرێت.

**پرسی بابەتیبوون:**

لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا کە رووماڵکراون، کەناڵی ئاسمانی زۆرترین بابەتیبوونی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە (٦٠٪)ە، رۆژنامەکان و پێگە ئەلەکترۆنییەکان بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٥١٪)، رادیۆکان کەمترین بابەتیبوونیان لەخۆیاندا بەرجەستەکردووەو بە پلەی چوارەمو کۆتایی دێت بەرێژەی (٤٥٪).

**پرسی هاوسەنگی:**

لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا کە رووماڵکراون، کەناڵی ئاسمانی زۆرترین هاوسەنگی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە (٤٧٪)ە، پێگە ئەلەکترۆنییەکان بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٣٣٪)، رادیۆکانو رۆژنامەکان و کەمترین هاوسەنگییان لەخۆیاندا بەرجەستەکردووەو بە پلەی چوارەمو کۆتایی دێت بەرێژەی (٢٥٪).

**پرسی وردەکاریی:**

لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا کە رووماڵکراون، کەناڵی ئاسمانی زۆرترین وردەکاری لەخۆیدا بەرجەستەکردووە کە رێژەی (٦٤٪)ە، رادیۆکان بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (٥٥٪)، رۆژنامەکان بە پلەی سێهەم دێت بەرێژەی (٤٠٪)، پێگە ئەلەکترۆنییەکان بە پلەی چوارەمو کۆتایی دێت بەرێژەی (٣٨٪).

سەرکەوتووبن..

## ستافەکانی پرۆژەکە

- ئارام جەمال: بەڕێوەبەری پرۆژەکە
- هەڵشۆ عبدالفتاح: ڕێکخەری پرۆژەکە

## تیمی رووماڵکار

١- شەیدا رەئوف حەسەن

٢- کاردۆ حەسەن

٣- هەڤاڵ محەممەد

٤- فازیل ئەحمەد

٥- کۆژین عەلادین

٦- هێرش عبدالله






